# دیسانەوە دۆزی هەقیقەت ..!!

## دوا وەڵام بۆ ئازیزم شێرکۆ بێکەسی شاعیرمان

ئیسماعیل حەمەئەمین



- ئەوەی وەڵامەکەی شاعیری ئازیزمان شێرکۆ بێکەس لەماڵپەڕی کولتوریی ( دەنگەکان)دا بخوێنێتەوە، ئەو هەستەی لادروست دەبێت کەهەموو ئەو هەرایەی لەسەر سروودی ئەی ڕەقیب ڕوویدا، هەرای کۆمەڵێك خەڵکن تووشی شیزۆفرینا بوون. ئەو هەموو لیژنە دروستکردنە بۆ بەرگریکردن لە سروودی ئەی ڕەقیب و ئەم هەموو نوسین و تەنانەت تەسریحی وەزیری ڕۆشنبیریش بە دەست لەکارکێشانەوەی هەمووی بێ سەرچاوە بووە !! ..تۆ بڵێی هەمووان تووشی عوساب بووبێتن و دوژمنێکی وەهمیان بۆ سروودی ئەی ڕەقیب داتاشیبێت، تێناگەم بۆچی هەقیقەت لای شاعیری ئازیزمان ئەوەندە تەمومژاویە..

- کاك شێرکۆ دەیتوانی هەر لەیەکەم کاردانەوە بەرامبەر ئەو پڕۆژەی جێگۆڕکێیە ،خۆی هیلاك بکردایە وبەدوو دێڕ لە ڕۆژنامەیەکی وەك هاوڵاتی یان ئاوێنە و کوردستان نیوز یان سایتێکی بەڕێزی وەك دەنگەکان بینوسیایە: **ئەم سرووده تەنها شیعری منە بەڵام ئەوەی دیکەی کەلەنێو ڕاڕەوەکانی حکومەت و بیرۆ سیاسی و پەرلەماندا ڕوودەدا پەیوەندی بەمنەوە نیە**..بەڵام بێدەنگ بوونی تاوەکو بەتەواوەتی هەوڵدانەکان بێ هیوا بوون بە سەرگرتنی پڕۆژەکە ، ئەوجا کاك شێرکۆ دێت و لە هەفتەنامەی میدیا گوتارێك دەنوسێت و بێبەری خۆی لەو هەوڵدانە دەردەبڕێت، جێگەی پرسیارە! . نازانم ئەم هەموو پێچە بەدەورەیە چیە بەدەوری ڕاستیەکی ئاشکرادا.

- هەقیقەت ئەوەیە کەلەگوتارەکەم باسمکردووە و هەوڵدانێکی ئاشکرا بوو بۆ گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیب ، بەڵام سەری نەگرت. ئەمەو جگە لەوەی هەموو یەکێکیش دەزانێت کەچەندە پارەیەکی بێ شومار لەو سرووده خەرجکراوە بەو هیوایەی لەداهاتوودا حکومەتی هەرێم پاداشتێکی قورس بدات بە ستافی سرووده نیشتمانیەکە!. سەرنجی خوێنەری ئازیز بۆ تازەترین چاوپێکەوتنی هەفتەنامەی (میدیا)ی هێژا ڕادەکێشم کەلەگەڵ ئاوەزدانەری سرووده‌کەی کاك شێرکۆ ئەنجامدراوە ، لەو چاوپێکەوتنەدا هونەرمەندی بەڕێز بەئاسانی نیەتی وەرگرتنی (میلۆنێك دۆلار )ی پاداشت ئاشکرا دەکات ، بێگومان گەر سەری بگرتایە !! .. لەبەر ئەوە هەرگیز کاك شێرکۆ مەزندەی ئەوەندە نەکات کەیەکێکی وەك من لەخۆیەوە باس لەڕەهەندێکی گەندەڵی و قەیراناوی ئەو سرووده بکات ..

سەرنجی خوێنەری ئازیز بۆ ئەم پەرەگرافی چاوپێکەوتنە ڕادەکێشم .

[ دەنگۆی ئەوە هەبوو بۆ سرودی (کوردستان) کەماوەیەك باسی لێدەکرا کەجێیگەی (ئەی ڕەقیب) بگرێتەوە، نیو ملیۆن دۆلاری بۆ خەرجکراوە، هەڵکەوت زاهیر لەو بارەیەوە دەڵێ " هیچ پارەیەك سەرف نەکراوە بۆ ئەو سروده،من خەرجی ئەو سروودەم لەگیرفانی شەخسی خۆم داوە " هەروەها گوتی هەرسرودێك کەبۆ میللەتێك دادەنرێ **پاداشتی لەملیونێك و 200 سەدهەزار دۆلار کەمتر نیە. من ئەو پارەیەشم وەرنەگرتووە و وەریشی ناگرم** ، ئەگەریش بکرێت دەیدەمەوە حکومەت تاوەکو بۆ هەژاران خەرجی بکات " ]

سەرچاوە : هەفتەنامەی میدیا ژمارە 276 بەرواری 06.02.2007

- باسکردنی هەڵوێستەکانی ئازیزمان مامۆستا شێرکۆ بێکەس لەو سیاقەدا باسکراوە کە پەیوەندی بەو ڕەهەندانەوە هەیە کە لە(کۆی یادەوەری کۆمەڵایەتی) کوردیەوە نیشتووە و ڕووداوەکان وەك نیشانەی پرسیار دەیانهێنێتەوە گۆڕێ..مامۆستا شێرکۆ مەجبورم دەکات تۆزێك لە مەبەستی تێکستەکە نێزیکی بخەمەوە، چونکە پێدەچێت بەیەك دیوی تەقلیدیەوە تێکستەکەی خوێندبێتەوە:

ئازیزم کاتێك باس لە مەسەلەیەکی گرنگ دەکرێت کە سروودێکی دێرینە و تایبەتە بەرۆحی نەتەوە ، هەموو پرسیارە کۆنینەکانی دیکەی ئەو کەسانەی دەیانەوێت بەو میتۆدە دەسەڵاتخوازیە سروودەکە بگۆڕن ، جارێکی دیکە دێنەوە سەر خواس و باس. ڕاستە مرۆڤ مەحکوم نیە بەڕابوردوو،ڕاستە ئێستاش بەپێودانگی ڕابوردوو ناپێورێت و ناشبێت بپێورێت،بەڵام کاتێك شاعیرێك بەقورسایەکی ئەدەبی گرنگەوە و دەسەڵاتێکی سیاسی لەزەمەنێکدا پەیوەندیەکی ڕۆحی و ئەدەبیان پێکەوە دەبێت، بەڵام لە پێچێکی مێژوویی دیکەدا ئەم پەیوەندیە دەگۆڕێت بەدوژمنایەتیەکی ئایدۆلۆژی و شیعری و لەدوای ڕاپەڕینیش فۆرمێکی دیکە وەردەگرێت ،پاشان لەشەڕی ناوخۆدا دیسانەوە دەبێتە دوژمنایەتیەکی شیعری و ئایدۆلۆژی و لەدوای یەکگرتنەوەی پارتی و یەکێتی دیسانەوە ئاشتبووەوەیەکی شەرمانەی نێوان شاعیر و ئەو لایەنە هەست پێدەکرێت ، لەدواترۆپکی ئەو پەیوەندیەدا دەگاتە ئەوەی بیرۆی هونەری ئەو دەسەڵاتەی کەلەزەمەنێکدا دوژمنی سەرسەختی شاعیر بوون هەڵدەستێت بە سەرفکردنی نیوملیۆن دۆلار بۆ سروودێك کەبەڕێزی شاعیرەکەیەتی، نەك هەر ئەوە بەڵکو هەوڵدەدرێت لەڕێگەی قورسایی مەکتەبی هونەری ئەو دەسەڵاتەوە ئەو سرووده جێگەی سروودێکی نیشتمانی کۆنینە بگرێتەوە!!.. هەموو ئەمانە لەچوارچێوەی سیناریۆیەکی ئاڵۆزە کەتێدا خوێنەر نیشانەی پرسیار لەسەر هەموو پرسیارە دێرینەکانی پەیوەندی نێوان شاعیر و دەسەڵات دادەنێت و مافێکی شەرعی خۆیەتی مادامەکی ئەمە مەسەلەیەکە تایبەتە بەهەمووان، نەك تەنها بەژیانی کەسی شاعیر ..لێرەوە جارێکی دیکە ئەو پرسیارە دێرینانەی نێوان شاعیر و دەسەڵات لەو سیاقەدا زیندوو دەبێتەوە، ئەمەش کرۆکی نوسینەکەی منە لەباسکردنی هەڵوێستە دێرینەکانی مامۆستا شێرکۆ بە دەسەڵاتەوە ، پرسیارەکە لەو ساتەدا ئەوەیە ئایا بەهەقەت کارکراوە لەڕابوردوودا؟ ، یاخود میتۆدەکانی ڕابوردوو لەفۆرمێکی دیکەدا خۆی بەرهەمدێنێتەوە؟! ..ئیدی پرسیاری دەزگای سەردەم و دەسەڵات و ڕەهەندێکی حزبی لەم سیاقەدا نیشانەی خۆی دادەنێت، هەر لەم سیاقەشدا پەیوەندی نێوان شاعیر و دەزگا و دەسەڵات لەنێو خۆڵی ڕابوردووە زیندوو دەبێتەوە ..

- ئەم هەستیاریە تایبەتانە بەنیسبەت داهێنەرێکی وەك مامۆستا شێرکۆ بێکەس کاتێك دەووروژێت کەبەرچاوی هەمووانەوە، هەوڵدانێك، دەستلێدانێك دەبینین لە سومبۆلێکی ڕۆحی کەهەمووان یادەورەیمان هەیە لەگەڵیدا ، لێرەوە هەموو پرسیارەکانی ڕابوردوو خۆیان زیندوودەکەنەوە. دەنا گەر مامۆستا لەو بڕوایەدا بێت من ئاگادار پەیوەندی ئەو نیم بەدەسەڵاتەوە، ئەوا دەکەوێتە هەڵەوە و پێویستی بەوە نەدەکرد لەدوا پەرەگرافی وەڵامەکەیدا خۆی هیلاك بکات بە باسکردنی هەڵوێستەکانی.
- من هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم شتێك هەبێت لەدنیای کولتوری مرۆڤایەتیدا موقەدەس دەستلێنەدرا و نەگۆڕبێت، بەجۆرێك کەهەموو دەرگاکانی ڕەخنە و پێداچوونەوە و گۆڕانی لەبەردەمدا دابخرێت.. منیش لەگەڵ گۆڕینی هەموو شتێکم لەم دنیا پڕ هیلاکیەی ئێمەی کوردا بەسروودی ئەی ڕەقیبیشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو میتۆدە پڕ زەبر و ئیستبدادیە ڕۆژهەڵاتیانەدا نەبووم کەسروودەکە لەگەڵ خۆیدا هێنای و ویستی لەڕێگەیەوە خۆی بسەپێنێت .. ئازیزم ئێمە هەموو شتێکمان لێ زەوتکراوە و هەمووشتێکیش بێپرسی ئێمە لەم دنیای کوردیەدا بەڕێوە دەچێت. دەبا ئەمەیان دوور لە تەماعی ملیۆن و دووسەد هەزار دۆلار و دوور لە ڕاڕەوەکانی حکومەت و پەرلەمان و وەزارەت و لیژنەکاندا ، ئاوەها تەوەرەیەکی بۆ

بکرایەتەوە و چی زۆرە ڕۆژنامە و نـیێت !. باهـەر مامۆسـتای بەڕێـزمان پـێش ئـەوەی ئـەم حکومـەت و ئـەم دەسـەڵاتە بهاروژێنێت ، بەقەولی مامۆستا شێرکۆ خۆی وەك یەکێك (لەئیشە جوانەکانی دەسەڵاتی کوردی) و دەزگاکـانی ( بـێگومان دەکرا دەزگای سەردەمیش ئەوەی بکردایە )، تەوەرەیەکی کۆڕ و سیمینارو پێشبڕکێیان ئامادەبکرادیە ، بـا کـاك شـێرکۆ و ستافی سروودەکەشی یەکێك بوونایە لەو پێشبڕکێیانە، چ دەبێت بەڵکو لەئەنجامدا چەند شاعیر و هونەرمەندێـکی دیکـە ئەو پاداشتەیان وەربگرتایە و سروودێکی دیکە هەبایە جوانتر و ڕازاوەتر،لەوانەش بـوو سـروودەکەی ئـەوان لەهـەمووان جوانتر بوویایە و ئەوسا بەهەقەت وەك هونەرمەند و ئەدیب شایەنی نەك ملیونێك، بـەڵکو چـەند ملیۆنـێك دەبـوون!.چ دەبوو گەر هەموو ئەو ڕایانەشی چ کاك شێرکۆ نوسیویەتی و چ ئەوانی دیکەی بەرگری دەکەن لەسروودی ئەی ڕەقیب بـەو (شەفافیەتە و ڕۆحی سەردەمەوە ) لەچەندەها سیمینار و کۆڕ و کێبڕکێی فکری و مێژوویدا باسی لێوەبکرایە ..

پرسیارەکە ئەوەیە ئەمەتان بۆ نەکرد؟!، خۆ ئەمە لەهەژارترین حاڵەتی نەبوونیدا، چەند کیلۆ بایتێکی سـەر نـێتی پێویـست بوو ، کەلەو بڕوایەدام (دەنگەکان) و هەموو ڕۆژنامە جیدیەکانی دیکە پێشوازیان لەو گفتوگۆ یە دەکـرد .. پرسـیاری سـەرەکی گوتارەکەم ئەوە بوو کەئێستاش دووبارە دەکەمەوە : ئەم ئەقڵیەتە بۆ بیر لەمانە ناکاتەوە !!...

- ❖ ئەم گفتوگۆیە لەچوارچێوەی شەڕێکی کولتوریدا خول دەخوات کەبیروڕاکان تێدا لەدایك دەبـن و هەندێکیـشیان بەرامبـەر هەقیەقەت ڕووتدەبنەوە و هەندێکیشیان گۆڕانیان بەسەردا دێـت، لەخەمـێکی قـوڵی شوناسـی بـەکوردبوون و پرسـیارە کراوەکانی ئەدەب و جوانی و موسیقا لەنێو میللەتێکدا لەهەموو شتێك زیاتر پێویستی بە کولتورێـکی باڵایە،سەرچـاوەی هەڵگرتووە. ئێمە زیاتر پێویستمان بە هەقیقەتی شتەکانە، پێویستیمان بە دۆزێـکە بـۆ جـوانی!!. لـەم پرنـسیبانەوە (توندو تیژی وشە) و ڕەخنە خۆی جودادەکاتەوە لە تەشهیر و دێڕی دوور لە مانای زێدەڕۆ ..

- ❖ ئەمە دوا وەڵامم و دوا ڕستەمە لەسەر ئەم مەسەلەیە، چونکە ئەم گفتوگۆیانە چەندە پابەندن بەدۆزی هەقیقەتـەوە و بـۆ بەندەتان کارێکی هیلاکەر و بێزارکارە ، بەڵام قسەیەکی گونتەر گراس هەیـە دەڵـێت : ساتـێکە و مـەجبورین خۆمـانی تێهەڵقورتێنین ....

ڕێز و خۆشەویستیم قبوڵ بکەن ..

ئیسماعیل حەمەئەمین

بەرواری 10. Februar 2007

---

ڕەهەندە مەترسیدارەکانی سروودەکەی شێرکۆ بێکەس ئیسماعیل حەمە ئەمین

ڕوونکردنەوەیەک لە"شێرکۆ بێکەس"ەوە

بۆ سایتی ئاوەدانی" دەنگەکان"-